فەلەکناس ئووجا وەلامی دەنگۆکانی دایەوە

ئەندامی پەرلەمانی کوردی لە پەرلمانی ئەوروپا، فەلەکناس ئووجا سەبارەت بەو دەنگۆیانە کە لە سەر کەسایەتی و کاری ئەو لە هەندێک لە مالّپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراونەتەوە نووسراوێکی بڵاو کردووەتەوە و دەڵێت هەر هەمووی ئەو دەنگۆیانە دوورن لە راستی و هەڵەن و ئامانج لە بڵاو کردنەوەی ئەو دەنگۆیانە ناوزڕاندنی منەناوبراو لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت" هەندێک کەس دەڵێن فەلەکناس ئەوجا سەرۆکی یەکێتی ئێزدییەکانی ئەورووپایە و لە نێو پێڵانی دابەزاندن و گەڕاندنەوەی ئەندامانی پەکەکەدا جێ دەگرێ، من نە سەرۆکی یەکیەتی ئێزدیانی ئەوروپامە و نە لە نێو پیلانێکی دژ بە پەکەکەدا جێمگرتووە و نە بەو مەبەستەیش لەگەڵ هیچ رێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش چاوپێکەوتنم سازکردووە. ناوبراو ئەوەشی روونکردۆتەوە کە ئێستا تەنیا ئەندامی پارتی چەپی ئەڵمانیایە و لە سەر ناوی ئەو پارتییەیش پەرلەمانتاری پەرلەمانی ئەورووپایە".

فەلەکناس لە درێژەی نووسراوەکەی خۆیدا دەڵێت من تا ئێستا هەوڵم داوە کە سەبارەت بە دۆزی رەوای کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا جیهانیان تێ بگەیەنم و بۆ ئەم مەبەستەیش هەمیشە هاوکاری و پاڵپشتی پارتە سیاسییەکانی کوردستانم کردووە و سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە و باروذوخی کوردانی ئێزدی و ئەو سیستەمە سەرکوتکەرانەی کە داگیرکەر لە سەر کوردو لە سەرانسەری کوردستاندا پەیرەوی دەکەن ڕاپۆرتم پێشکەشی پەرلەمانی ئەورووپا کردووە و یەکێک بوومە لەو کەسانەی کە لە هەندەرانەوە چ ڕاستەخۆ و چ بە شێوازی دیکە پاڵپشتی بزافی رزگاری خۆازی کوردم لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا کردووە. بۆیە ئەو دەنگۆیانە تەنیا مەبەستیان ناوزڕاندنی منە و هیچ واقعیەتێکیان نییە.

خەیاڵی ئاسوورییەکان و واقیعیەتی کورد و عەرەب

ڕۆژنامەنووسی تورک جەنگیز چاندار، لە ڕۆژنامەی حوریەتی توکیدا بابەتێکی لەسەر شارستانییەتی شاری ماردینی باکووری کوردستان و پێکەوە ژیانی کورد، ئاسووری و عەرەبەکانی ئەو شارە نووسیوە و دەڵێت" یەکێک لە شوێنە میژوویییەکانی ئەفسانەی شای ماران (شاماران) ماردینە. شەوانی ماردین لە ڕۆژانی ماردین ڕووناکترن، ئەو منارانە کە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە سەردەمی ئارتووکلۆی تورکەوە بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە نووڕانی کراون و ئەو قەڵاییە کە تەیموور نەیتوانی داگیری بکات دوڵاودۆڵەکانی مزێۆپۆتامیای ژێرین و ژوورینی پاراستوە".

چەند ڕۆژە بە بۆنەی بەشداری کردنم لە کۆنفرانسی ماردین، گۆڕان و داهاتوو لە ماردینم، ڕۆژێک لە میدیات، لەو دەیروالمۆزاد کە پێشتر لە ئەیاسۆفیا لە لایەن مۆر گابریلەوە ساز کراوە و ڕۆژێکی دیکە لە مازی داغ لە نزیکی ئەو گوندەی کە ماوەیەک پێش ئێستا جینایەتێک تیادا ڕووی داو، کەسیش نەیتوانی ئەو جینایەتە ڕوون بکاتەوە (گوندی بلگە). کاتێک کە مرۆڤ لە ماردین دەمێنێتەوە و دەگەڕێت و ئەو هەموو میراسە گرانبەها میژوویانە دەبینێ ئەو کاتە تێدەگات کە ماردین بۆ خۆی میراسێکی میژوویی و بەڵام ئێستا وا مات و غەمگین ماوەتەوە.

ئەو غەمگینییە لە نێو شوێنە پیرۆزەکانی سووریانییەکاندا لە سەر من زاڵ دەبێت. ئەو ئاییانە، زمانانە، کولتوورانە کە تایبەتمەندییەکی جیاوازیان بە ماردین بەخشیوە وردە وردە بەرەو لە بیر چوون دەڕون. لە نێو شاری ماردیندا زۆربەی نیشتەجێیەکان زمانی عەرەبی بەکار دەهێنێن و لە نێو گۆشەو کەنار و گوندەکانی ماردیندا هەر کەس بە زمانی کوردی و سووریانی قسە دەکات. لە نێو ئەو دە ساڵەی دواییدا نفووسی کورد و عەرەبەکان وەک یەکی لێهاتووە، لە سەدا 50 کورد و لە سەدا 50 دیکەیش عەرەبن بەڵام لە سووریانییەکان تەنیا 75 مالّبەت ماونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە، کە ئەو سووریانییانە کە زمانی زگماکی حەزرەتی عیسایان بەکارهێناوە، لە کاتی خۆیدا بە هۆی شارەستانییەت و ئەو معمارییانەوە کە بۆ سازکردنی شاری ماردین و منارەکانی ئەو شارە بەکاریان هێناوە، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە ماردین لە سەردەمی کۆندا لە میزۆپۆتامیای سەرەوە ببێتە ناوەندێکی شارەستانی بە تایبەت بۆ ئاسووری و سووریانییەکان.

جەماعەتی کۆنی پاتریکی سووریانییەکان لە ماردین نەماوە و لە کاتی پەیمانی لۆزاندا لە ساڵی 1915دا نەیانتوانی بارودۆخێکی گونجاوی یاسایی بۆ خۆیان دابین بکەن، بۆیە زۆر گوشاریان خراوەتە سەر وبە ناچاری لێرە باریان کردووە، لە دوای ئەو ڕووداوەدا ئەوانەیش کە لە ماردین و نوسەیبین مابوونەتەوە لە ساڵی 1932دا بە ناچاری کۆچیان بۆ شام کردووە.

بەڵام ئێستا دەزانین کە پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوممەنی پارێزگای ماردین کە بۆ خۆی بە ڕەچەڵەک عەرەبە پێکەوە هەوڵدەدەن تا جارێکی دیکە ماردین وەکوو ڕابردوو ببێتە ناوەندی زمان، ئاین و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان.

پارێزگار دەیەوێ ماردین بەو هەموو عەزەمەتە میژوویییەی خۆیەوە جارێکی دیکە زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئەگەر بێت و ئەو سووریانییانەکە لە ماردین کۆچیان کردووە و بەرەو شوێنەکانی دیکە وەکوو شام و ئەوروپا ڕوێشتنە نەگەڕنەوە بۆ ماردین ئێمە ناتوانین داهاتوویەکی باش بۆ ماردین سەرەوە ببێتە ناوەندێکی شارەستانی بە تایبەت بۆ ئاسووری و سووریانییەکان.

جەماعەتی کۆنی پاتریکی سووریانییەکان لە ماردین نەماوە و لە کاتی پەیمانی لۆزاندا لە ساڵی 1915دا نەیانتوانی بارودۆخێکی گونجاوی یاسایی بۆ خۆیان دابین بکەن، بۆیە زۆر گوشاریان خراوەتە سەر وبە ناچاری لێرە باریان کردووە، لە دوای ئەو ڕووداوەدا ئەوانەیش کە لە ماردین و نوسەیبین مابوونەتەوە لە ساڵی 1932دا بە ناچاری کۆچیان بۆ شام کردووە.

بەڵام ئێستا دەزانین کە پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوممەنی پارێزگای ماردین کە بۆ خۆی بە ڕەچەڵەک عەرەبە پێکەوە هەوڵدەدەن تا جارێکی دیکە ماردین وەکوو ڕابردوو ببێتە ناوەندی زمان، ئاین و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان.

پارێزگار دەیەوێ ماردین بەو هەموو عەزەمەتە میژوویییەی خۆیەوە جارێکی دیکە زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئەگەر بێت و ئەو سووریانییانەکە لە ماردین کۆچیان کردووە و بەرەو شوێنەکانی دیکە وەکوو شام و ئەوروپا ڕوێشتنە نەگەڕنەوە بۆ ماردین ئێمە ناتوانین داهاتوویەکی باش بۆ ماردین دەست نیشان بکەین چونکە ماردین بەو هەموو جیاوازییەوە ناسراوە، ئیسلام، مەسیح، کورد، عەرەب و سووریانی پێکەوە لە کاتی خۆیدا لێرە ژیاون و پێکەوە ئەو ناوەندەی شارەستانییەتیان دامەزراندووە بۆیە بە بێ ئاسووریەکان ناتوانین ماردین ببینەوە سەر ئەو بارودۆخە میژوویییەی ڕابردوو.

ئەو قەتڵ و عامە کە لە یەکێک لە گوندەکانی ماردین ڕووی دا بووەتە وەکوو لەکەیەکە ڕەش لە سەر سیمای ماردین، چونکە لە دونیادا ماردین وەک شوێنی باش و میژوویی پێکەوە ژیانی ئایین، زمان، کولتوور و شارستانیەتە جیاجیاکان ناسراوە، بەڵام ئەو لەکە بۆ سیمای ماردین زۆر زۆر خاوەن کاریگەری خراپە بۆیە دەیانەێ ئەو لەکەییە بسڕێنەوە. ئەو گوندە کە لە ناوچە کوردنشینەکاندایە وردە وردە بوەتە شوێنی گەشت و گوزاری ئازارەکان، بۆیە هەر کەسێک کە ڕوو دەکاتە ماردین دەیەوێ بە مەبەستی شەرمەزار کردنی ئەو جینایەتە سەردانی ئەو گوندە بکات و لە نزیکەوە ئەو گوندە ببینێت.

حوریەت

محەمەد ئەیمۆر: چەویک بیر پیلانی کوشتنی ئەوجەلانی ئاشکرا کرد

دوای ئەوەی کە لە ئیفادەی یەکێک لە تاوانبارەکانی ئەرگەنەکۆن باسی کوشتنی ئوجەلان دەبێتە بەشێکی گرنگ لە کاروچالاکییەکانی دادوەری ئەرگەنەکۆن، هەر لە لایەن تاوانبارەکانی دیکەی ئەرگەنەکۆنەوە پیلانی کوشتنی ئوجەلان لە شام بە ڕاشکاوانە ئاشکرا دەکرێ.

تاوانباروگیراوی ئەرگەنەکۆن سەرفەرماندەی دووەمی سوپای تورکیا محەمەد ئەیمۆر لە ئیفادەی خۆیدا لە بەردەم دادوەری ئەرگەنەکۆندا سەبارەت بە ئاشکرا کردنی پیلانی کوشتنی ئوجەلان لە شام دەڵێت" چەویک بیر ئەو پیلانەی ئاشکرا کردووە و بە پەکەکە وتی کە میت (ئیستیخباراتی تورکیا) پیلانی کوشتنی ئوجەلان و گەلەکۆمەکەی 28 ی شوباتی ئامادە کردووە."

ناوبراو لە بەردەوامی وتەکانیدا دەڵێت" لەو کاتەی کە تانسۆ چیللەر سەرۆک وەزیری تورکیا بوو، و سۆنمەز گوکسالیش سەرۆکی گشتی میت بوو من وەک بەرپرسی بەشی ئیستیخباراتی تایبەتی میت دەستنیشان کراوم. ئەو کاتە بە هاوکاری سەرۆک وەزیر، میت، پۆلیس و سەرفەرماندەی گشتی سوپای تورکیا بۆ کوشتنی ئوجەلان لە شام پیلانێکمان ئامادە کرد. "

ناوبراو لە بەردەوامی وتەکانیدا ئاشکرای کرد، کە ئەوان پیلانیان ئامادە کردبوو تا بەرێگای تۆنێلێکی ژێر زەویییەوە تیمێکی تایبەتی بنێرنە فێرگەی مەعسووم قۆرقماز لە بەقا و بە ڕێگای ئەو تیمە تایبەتەوە ئوجەلان بکوژین. بەڵام بە هۆی ئاشکرا بوونی ئەو پیلانەوە دەستمان لەو کارە بەردا.

ئەیمۆر دەڵێت" پیلانێکی دیکەی دەستڕێژیمان بۆ ئوجەلان ئامادە کردبوو و بۆ ئەوەی کە لەو پیلانەدا بەکاری بهێنین، تۆنێک تەقەمەنیمان لە فەرماندەی هێزە دەریاییەکانی گۆلجووک وەرگرت، دوای ئامادەکردنی ئەو بڕە تەقەمنییە و ئامادەکردنی پاسێک لە ڕۆژنامەی جمهووریەتدا هەواڵێک لە سەر ناوی " میت دەیەوێ بە تونێک تەقەمەنی چ بکات؟" بڵاوکراوە. ئەو کاتە پیلان ئەوە بوو کە ئەو تەقەمەنییە لە نێو پاسێکدا جێبکرێ و لە شوێنی مانەوەی ئوجەلاندا بتەقێندرێت. ئەو کەسەیش کە ئەو زانیارییانەی دابوو بە ڕۆژنامی جمهووریەت چەویک بیر بوو.

ناوبراو ڕوونی کردەوە، کە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە ئەوان هەوڵیان داوە تیمێکی تایبەت بۆ کۆشتنی ئوجەلان بنێرنە سوریا، بەم دوای چەند ڕۆژ لە ڕۆژنامەی ناوبراودا هەواڵێک دیکە لە سەر ناوی میت تیمێکی تایبەت دەنێرێتە سوریا بڵاوکراوە و هەر بەم هۆیەشەوە ئەو تیمەیان نەناردووە. ئەیمۆر دەڵێت" ئەو کەسەی کە ئەو زانیارییانەی دەدا بە ڕۆژنامەکان چەویک بیر بوو. من بۆ خۆم چەند جار بوومە شاهید دیتوومە کە چ لە نێو میتدا و چ لە نێو سوپادا چەندین کەس چەندین جار هەوڵیان داوە کە پیلانەکانی میت لە دژی ئوجەلان ئاشکرا بکەن. یەکێک لەوانە سەرۆک ئەرکانی دووەم چەویک بیر بوو ئەو کاتە چەویک بیر ئەو پیاوانەی خۆی کە لە نێو تیمە تایبەتەکەدا جێیان گرتبوو لە تیمەکە دەری هێنان و نەیهێشت ئەو پیاوانە لە نێو ئەو تیمەدا جێ بگرن"

سۆن سەیفە

حامید گەیلانی: پەکەکە تیرۆریستە نییە

پەرلەمانتاری سەر بە دەتەپەی ناوچەی هەکاری حامید گەیلانی رایگەیاند" کە با هیچ کەس بیر لەوە نەکاتەوە کە دەتەپە بە پەکەکە بڵێ تیرۆریست، پەکەکە نە تیرۆریستە و هیچ کاتیش دەتەپە ئەو داواکارییەی هەندێک لایەنی دەسەڵاتی تورکیا قەبووڵ ناکات کە داوا لە دەتەپە دەکەن پەکەکە وەک تیرۆریست لە قەڵەم بدات".

گەیلانی لە بەردەوامی وتەکانی خۆیدا ئاشکرای کردووە، کە ئەو ڕاستییە لە جیهان ئیسبات کراوە کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی 10 تا 50 ئەندامی هەیە با بڵێکی دیکە زیادە بن بگەنە 100 ئەندام. لە جیهاندا هەر کەس دەزانێ کە کار و چالاکی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی چییە. پەکەکە خاوەن دە هەزار زیاتر تەنیا ئەندامی چەکدارە و نزیکەی 20 ملیۆنیش ئەندام و لایەنگری سیاسی هەیە و کاری پەکەکەیش پاراستنی مافی ڕەوای گەلی کوردە لە تورکیا و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. بۆیە نە تەنیا دەتەپە بەڵکو هیچ تاکێکی کورد لە هیچ شوێنێکی دونیادا بە پەکەکە ناڵێ تیرۆریست. دەتەپەیش ناڵێ و لە دژی ئەو گوشارانەیش دەردەکەوێ کە بەم مەبەستە دەخرێنە سەر کۆمەڵگای کوردی و پارتییە سیاسییەکانی کوردی.

گەیلانی کە لە کونگرەی دەتەپەی ناوچەی هەکاریدا قسەی کردووە، ئاشکرای کردووە کە 25 ساڵە دەوڵەتی تورکیا شەڕی پەکەکەی کردووە، 25 ساڵە بە پەکەکە وتوویانە تیرۆریست وپەکەکەیان لەعنەت کردووە بەڵام چ ئاکامێکیان بە دەستەوە هێناوە؟ ئایا بەو کردەوانەی 25 ساڵی ڕابردوو دەوڵەتی تورکیا توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بە دەستەوە بێنێ؟

بیگومان تورکیا هیچ هەدەف و ئامانجێکی خۆی بە دەست نەهێناوە. تورکیا زۆر هەوڵی دا کە جارێکی دیکە لە ڕێگای کوردەوە شەڕی کورد بکات، بەڵام ئەنجامی وەرنەگرت و ئیستایش هەوڵی ئەوە دەدات کە کوردێک بۆ بەرژەوەندی تورکیا براکەی خۆی وەکوو تیرۆریست لە قەڵەم بدات. چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا ڕۆژنامەیەکی تورکی بە ڕاشکاوانە نووسی بوو پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە و بزافکی ڕزگاریخوازە بۆیە ئیستایش من لێرە لە سەر ناوی دەتەپە بە هەرکەس دەڵێم کە هیچ کات دەتەپە ئامادە نییە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا پەکەکە وەکوو تیرۆریست لە قەڵەم بدات.

ملییەت

دەوڵەتی سوریا ڕەنگی سەوز، سوور و زەردی قەدەغە کرد

دەوڵەتی سووریا خاوەن سالّۆنەکانی ڕازاندنەوەی بووک و زاواو و سالّۆنەکانی ئاهەنگگێڕانی لە شارە کوردییەکانی باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئاگادار کردووتەوە کە لەمەو بە دواوە بە کار هێنانی ئەو ڕەنگانەی کە پەیوەندییان بە ئاڵای کوردستانەوە هەبی قەدەغەیە و نابێ هیچ لایەنێک دەرفەت بداتە ئەو کەسانەی کە بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕان سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن ئەو ڕەنگانە بە کار بهێنێن. بە پێچەوانەوە هەم خاوەن سالّۆن و هەم ئەو کەسانەی کە ئاهەنگ بەڕێوە دەبەن و ئۆرگانیزە دەکەن بە پێ یاسای سووریا لەگەڵیاندا هەڵسووکەوت دەکرێ.

لە بەرامبەر ئەو ئاگادارییەی هێزە ئەمنییەکانی سووریادا خاوەن سالّۆنەکان ناڕازی بوونی خۆیانیان دەربڕیوە و ڕایانگەیاندووە کە هیچ مافێکی ئەوان نییە دەستوەردانی لە کاروباری شاهی و ئاهەنگ گیرانی خەڵک بکەین و ناتوانین بە خەڵک بڵێن ئەو ڕەنگانە بەکار بهێنن و ئەو ڕەنگانە بە کار مەهێنن. بەڵام هێزە ئەمنییەکان بۆ دواین جار ئەوانیان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر بێت و لە سالّۆنێکدا یا لە ئاهەنگێکدا ئەو ڕەنگانە بەرچاو بکەون هەم خاوەن ئاهەنگ و هەم خاوەن سالّۆنیش سزا دەدرێن. چونکە ئەوە یاسایە لە لایەن دەوڵەتەوە دەر کراوە و بەپێ ئەو یاساییە بە کار هێنانی ئەو ڕەنگانە کە نیشانەی ئالای کوردستان بن قەدەغەیە.